# لەهەندەران سەیرە . . ! بەلام لە هەولێر سەیرتر . .

وەلامێك بۆ كاك نورالدین سعید وەیسی .

باوكی لارێ

عبداللە حمە رحیم حمە علی خەراجیانی

ئەز لەوەلامی نوسینێكی كاك گۆران محمد دا لە سەر مالپەری كوردستان نێت ، رۆژی 8/19 نامەیەكم بۆ نێتی ناوبراوناردو هەر هەمان رۆژ بە سوپاسەوە بلاویان كردەوە و هەر هەمان رۆژیش كاك نورالدین سەعید وەیسی ، وەلامێكی كورتی بۆ بەندە نوسیوە و هێندەش پەلەی كردوە كەوتۆتە هەمان ئەو هەلانەوە كە منی پێ تاوانبار دەكات .

لە یەكەم دێری نامەكەیدا دەلێت : " دوو برادەری دانیشتوی هەندەران بە نیمچە هەلچونێكەوە هاتونەتە دەنگ " . منیش هەقمە لە كاك نورالدین بپرسم چۆنت زانی ئەو دووبرادەرە لەهەندەرانەوە نوسیویانە ؟

گەر من زانیاریم لەسەر گۆران نەبێت هیچ شورەیی نیەو بەخوێندنەوەی ئەو برگەیەی نامەكەی گۆران كە دەلێت : من گلەیی لەو گەنجانە دەكەم كە كوردستان جێ ناهێلن ! ! ! پێم وابوو گۆران دانیشتوی هەندەرانە . كەچی تۆ بۆخۆشت كەوتویتە هەمان هەلەوە و وا تێگەیشتووی كە منیش دانیشتوی هەندەرانم ، بەلام خۆشبەختانە ئەو بۆچونەت هەلەیەو تەنها چەند سەد مەترێك لێتەوە دورم . راستە باسی ئەزمونی سوید دەكەم و چونكە پێشتر لەوێ دەژیام .

ئەو برادەرەی تریش گەر مەبەستت ( بەرێز باساكی ) بێت كە پشتگیری و دەستخۆشكەری لە نوسینەكەی كاك گۆران كردوە ، ئەوا لە دوا دێردا نوسیویەتی سلێمانی 8/16 و بەو پێیەش ئەویش دانیشتوی كوردستانە .

لەبرگەیەكی تری نامەكەتاندا نوسیوتانە : " سەیر ئەوەیە كە گۆران دلسۆزانەو نیازپاكانە لە كوردستانەوە رەخنە لە دیاردەیەكی كرێت دەگرێت ، كەچی باوكی لارێ لە ئەوروپاوە زاتی ئەوەناكات بەناوی ئاشكرای خۆیەوە داكۆكی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بكات . "

جارێ نازانین تۆ چۆن گەیشتیتە ئەو بڕواو یەقینەی كە گۆران بەنیازپاكی و دلسۆزی یەوە رەخنەی گرتوە ؟ دیارە بەهەمان یەقینیشەوە دەزانیت كە لە ئەوروپاوە باوكی لارێ زاتی ئەوە ناكات بەناوی ئاشكرای خۆیەوە داكۆكی لە حكومەتی كوردستان بكات .

گەرچی وەلامەكەی من بۆ گۆران محمد داكۆكی بوە لە راستی و گەر بەشێكی ئەو راستیەش حكومەتی كوردستانی گرتبێتەوە ئەوە جێ ی شانازیمە ، لەوەلامی ئەوەی كە زاتیشم نەكردبێت بەناوی سیانی خۆمەوە وەلام بدەمەوە ! ! دەلێم نازانم نوسینی ناوێكی سیانی وەك ئەوەی تۆ نوسیوتە (نورالدین سعید وەیسی)هێندە كارێكی گرانە ؟ خۆ منیش دەمتوانی بنوسم (عبداللە حمە رحیم حەمە علی خەراجیانی) ، هەر بۆ زانیاری جەنابتان ، ئەز زۆربەی هاورێ و دۆستەكانم بە (باوكی لارێ)ەو پتر دەمناسن وەك لەناوی سیانی خۆم .

ئەو ئامۆژكاریەشت كە دەفەرمویت هەقە كوردەكانی دانیشتوی رۆژئاوا ئەگەر هیچیش لەوێ فێر نەبن ، فێری ئەوە بن كە رێز لە رای جیاوازی خەلك بگرن و تووشی هەلچوون نەبن . .

جا توخوا خەلكینە لەوەلامەكەی مندا چ برگەیەك یان چ ووشەیەك رێ ی لە ئازادی را دەربڕینی گۆران گرتوە؟ منیش وەك گۆران رای خۆم نوسیوە ، كە گۆران تۆمەتی شەوی سورو شەوانی عەینكاوە دەداتە پال هەندێك خەلك ، خۆ من هیچ تۆمەتێكی لەو چەشنەشم نەداوەتە پالی . ئێستاش لە كاك (نورالدین سەعید وەیس) دەپرسم ئەدی تۆ بۆ بە وەلامەكەی من قەلس دەبیت ؟ ! خۆ منیش تەنها رای خۆم نوسیوەو بەس . !

منیش وەك جەنابتان دەلێم ئێمە بەجیاوازیەكانمانەوە جوانین .

كە خۆت مالت شوشە بەندە ، قۆچەقانێكەت خاو هەلسورێنە !

هەندەرانی لای خۆمان

2002/8/20

www.kurdistannet.org